# کوردستان پۆست لە دیدێکی ئەخلاقیانە. . . مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی



ئەوە لەسایەی عیلم و مەعریفەتە، ڕۆژانە دەتوانین بەدیداری یەکترو بیرو ڕای یەکتر شادبین. ئەنتەرنێتیشە بۆتە هۆی بچووککردنەوەی جیهان، ئەی ئەوە نییە لەوپەڕی کیشوەری ئەمەریکا نووسین دەخرێتە سەرماڵپەڕێك و لە گوندێکی کوردستان خوێنەرێك بەدیداری شاد دەبێت.
ئێستا بەهۆی ئەنتەرنێتەوە بوارگەلی ڕۆژنامەو نووسین پێشکەڤتنێکی باشی بەخۆ وە بینیوە، نووسەرو خوێنەرەکان و بەهۆشیانەوە هەندێك لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش لە ژێر ڕکێفی سانسۆر هاتوونەتە دەر و پەراوێزێکی باش بۆ ئازادی وەبەر هاتووە.
لەماوەی ئەو چەندساڵە ماڵپەڕگەلێکی فرە دامەزراون، هەمەچەشن و هەمەڕەنگ، هەر ماڵپەڕەو بۆ مەبەستێك و لەپێناوی خزمەتێك دانراوە، شوکر بۆ خوا زۆربەیان لەخزمەتێکی پۆزەتیڤن.
ئەو ماڵپەڕانەی تایبەتن بەهەواڵ و نووسین و ووتار توانیویانە جی پەنجە بۆخۆیان درووست بکەن و خوێنەر بۆ خۆیان دروست بکەن، کوردستان نێت لەسەرووی هەموویانەوە دوای ئەوان دەنگەکان و پەیامنێرو کلاوڕۆژنەو. . . هی دیکەش لەو بوارەدا ئەسپی خۆیان زیرەکانە تاوداوە.
لەو حەشاماتەش ماڵپەڕێکی تریش هەیە و بەڕاشکاویش دەڵێم خەڵکێکی باشیش چاودێری دەکەن و سایتەکەش دەکەنەوە کە ئەویش (سایتی کوردستان پۆستە) بەڵام بەداخەوە ئەو کوردستان پۆستە هەندێك نووسینی ناوازەو کەم و تۆزێك هەواڵی لی بچێتە دەر هیچ خزمەتێکی ئەوتۆ بە ڕۆژنامەگەری کوردی ناکات و بەپێچەوانەوەش دوورە لە گشت عورف و داب و نەریتێکی یاسایی و کوردەواری.
دەکرێت ڕەخنە لۆجیکیەکانمان لەو چەند خاڵە کۆبکەینەوە:
1. کوردستان پۆست زۆر بەڕوونی بیلایەنی خۆی لەدەست داوە و زۆر بەئاشکرا دوژمنایەتی پارتی و شەخێی سەرۆك بارزانی (سەرۆکی کوردستان) دەکات، تەنانەت وای لێهاتووە ئەگەر لەدەرەوە بەهەر کەسێك بڵێی جنێوێکی ناشیرین دژی پارتی نووسراوە، بەبی ئەوەی بزانن لەکوی بڵاوکراوەتەوە پەنجە بۆ کوردستان پۆست درێژدەکەن.
2. بەحوکمی ئاگاداریم بۆ سایتەکە بەشێوەیەکی ڕۆژانە، کوردستان پۆست هیچ نووسینێك کە دژی پارتی و بارزانی بنووسرێت ڕەت ناکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی نووسینەکە دەنێرێت نەناسراویش بێت یان بەبی ناویش بینێرێت، بۆیە لەو خاڵە کوردستان پۆست هەنگاوێکی نایاسایی دەهاوێژێت، چونکە ئەگەر داوای یاسایی بەرزبکرێتەوە ئەوا دژی خاوەنی کوردستان پۆست بەرزدەکرێتەوە پێش ئەوەی دژی نووسەرەکە بەرزبکرێتەوە، بۆیە لەو ڕووەوە دەکەوینە بەرامبەر دووحاڵەت و سییەممان نییە:
ا/ یا خاوەنی کوردستان پۆست ئەو هووشیارییە یاساییەی نییە و ئاگاداری یاساکانی کوردستان و جیهان نییە کەلە بڵاوکردنەوەی هەر نووسینێکی بیبنەماو تەشهیرکردنێکی

ناياسايى پارتێك يا كەسايەتيەك يا سەرۆكى حزبێك يا هەرێمێك ئەوا خاوەن ماڵپەڕەكە تۆمەتبار دەبێت پێش نووسەرەكەو لەوانەيە بكەوێتە ژێر بارى قەرەبووكردنەوەيەكى دارايى زۆر كە تاهەتايە قەرزاردار دەبێت ئەمە جگە لە بەندكردنى ياسايى كە لەوانەيە تووشى ببێت.

ب/ يان جەنابيان ئەو هووشيارييە ياساييەى هەيە، بەڵام بۆ خزمەتێكى لايەنێك كاردەكات. كە ئەمەش لە سزاى ياسايى دوورى ناخاتەوە.

3. كوردستان پۆست لەڕێگاى كۆمەڵێك لە نووسەرەكانى دژايەتى ماڵپەڕەكانى تر و نووسەرەكانيان دەكات، لەسەرووى هەمووشيانەوە (ستافێكى گەورەيان) درووست كردووە بۆ دژايەتى كردنى ماڵپەڕى كوردستان نێت و مامۆستا حەمەسەعيد حەسەن، ديارە لەو ڕووەوەش ئەوان دەتوانن داواى ياسايى خۆيان بەرزبكەنەوە.

4. هەوڵێكى نەزۆك دەبينێت بۆ پەيوەندى نێوان پارتى و يەكێتى بەشێوەيەكى نێگەتيڤانە و هەوڵدەدات لەڕێى نووسەرەكانيەوە حەساسيەتێكى بى بنەما درووست بكات.

ئەوە واى كردووە وەكو ماڵپەڕێكى نووسين و ووتار متمانەى زۆربەى خوێنەران لەدەست بدات و بۆيە داوا لە بەرپرسانى كوردستان پۆست دەكەم وەكو ڕايەكى تايبەتى خۆم (كە ئاڕاستەى بەرنامەى خۆى بگۆڕێت) بە پێچەوانەوە پێشبينى دەكەم كە لە داهاتوو تووشى سزايەكى ياسايى بێت، ئەمە جگە لە لەدەست دانى ئەخلاقى ڕۆژنامەگەرى.